# قوتابێتی - 1

## وانەی دووەم

## نزا

رابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادە کردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## بەشداری کردن

### ئنجیلی مەتا

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەڵوەتی روحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە روحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو برگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (مەتا1: 1 - 7: 29) لەگەڵ رەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربووان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## متمانەی رزگاری 1یۆحەنا5: 11-13

### دەرخ کردن

### ئـ هاندەری دەرخ کردن

**بخوێنە:** (ئەفەسۆس6: 11 ، 27) (مەتا4: 2- 4).

**گفتوگۆبکە:** ئایا گرنگی دەرخ کردنی هەندێ لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز چییە؟

**تێبینییەکان:** ئەو ئایەتانەی دەرخی دەکەیت یارمەتیت دەدەن زاڵ بیت بەسەر هێزەکانی تاریکی.

### ب) رامان

ئایەتی دەرخ کردن: متمانەی رزگاری: (1یۆحەنا5: 11 - 13) *﴿ئەمەش شایەتییەکەیە: خودا ژیانی تاهەتایی پێ داوین و ئەو ژیانەش لە کوڕەکەی دایە. ئەوەی کوڕەکەی هەبێت ژیانی هەیە، ئەوەی کوڕی خودای نەبێت، ژیانی نابێت. ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە﴾*

**1** شایەتی سەبارەت بە ژیانی تاهەتایی

(شایەتی) چییە؟ شایەتی باسکردنی رووداوێکە کە کەسێك بینیبێتی یاخود گوێبیستی بووبێت، یان شتێکە کە تاقی کردبێتەوە. واتە شتێك بە خەڵکی دەڵێت کە پێشتر نەیانزانیبێت. بێگومان شایەتی بە ئاشکرایی دەوترێت بۆ ئەوی هەموو کەس راستی بزانێت. (1یۆحەنا5: 11-12) شایەتی خودایە سەبارەت بە خۆی (ئایەتی10). خودا دەیەوێت هەموو کەس راستی بزانێت. یۆحەنای نێردراویش شایەتی خودا تۆمار دەکات (ئایەتی13) بۆ ئەوەی هەموو نەوەکانی داهاتوو شایەتی خودا بزانن. لەم شایەتییەدا خودا دەفەرموێت ژیانی تاهەتاییە بە مرۆڤ بەخشی. ئەم ژیانە تاهەتاییەش لە (مەسیح)دایە. هەروەها دەفەرموێت هەرکەسێك مەسیحی هەبێت ژیانی تاهەتایی هەیە. بە پێچەوانەوە ژیانی تاهەتایی نابێت.

**2** واتای ژیانی تاهەتایی

ژیانی تاهەتایی چییە؟ ژیانێکە لە جۆرێکی نوێ. ژیانێکی نایابە. واتادار و هاندەر و سەرسامکارە! ژیانێکی بەردەوامە، واتە کۆتایی نییە. لە هەمووی گرنگتر پەیوەندییە لەگەڵ خودای زیندوو لە رێگای عیسای مەسیحەوە. واتا ناسینێکی کەسایەتی و نزیکە لە خودا، بەڵکو عیسای مەسیح هەر خۆی خودی خودایە (یۆحەنا17: 3).

**3** چۆن ژیانی تاهەتایی بەدەست دەهێنی

ژیانێکە بە نیعمەت بەدەست دێت! خودا خۆی ژیانی تاهەتایی بە خەڵکی دەبەخشێت لە رێگای تاکە کەسێك بە درێژایی مێژوو ئەویش خودی عیسای مەسیحە. بەڵکو مرۆڤ ناتوانێت بە هەوڵدانی خۆی ژیانی تاهەتایی بە دەست بهێنێت، بەڵکو وەکو دیارییەکی بە خۆرایی بەدەستی دەهێنێت. کاتێك کە باوەر بە عیسای مەسیح دێنیت. ئەوا تۆ ئەم ژیانە تاهەتایەش بەدەست دێنیت! هەروەها ئەگەر کەسێك باوەر نەهێنێت ئەوە ئەم ژیانە تاهەتایەش دەدۆرێنێت.

4

متمانەی ژیانی تاهەتایی

یۆحەنا شایەتی خودای تۆمارکرد بۆ ئەوەی (دڵنیا بێت) کە هەرکەسێك باوەر بە عیسای مەسیح بهێنێت، ئەوە ژیانی تاهەتایی بەدەست دێنێت (ئایەتی13) بێگومان ژیانی تاهەتایی لەسەر (هەست) ناوەستێت، بەڵکو دەوەستێت لە سەر (زانیاری) ئەو پەیمانەی کە خودا پێمانی داوە! کاتێك کە عیسای مەسیح وەکو خوداوەند و رزگارکار لە ژیانت قبوڵ دەکەیت، دەتوانی هەردەم دڵنیابیت لەوەی کە ژیانی تاهەتاییت بەدەست هێنا. بەڵکو سەرچاوەی ئەم متمانەیە ئەوەیە کە خودا پەیمانی ئەوەی پێداویت، تۆش باوەرت بە عیسای مەسیح هێنا.

1 ئایەتە کتێبییەکان لەسەر کاخەزێکی سپی یاخود لەسەر لاپەرەیەك لە پەراوی تێبینی **بنووسە**، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## پ) دەرخ کردن

ناونیشانی برگە کتێبییەکە و نیشانە کتێبییەکە لە سەروی لاپەرەکە بنووسە، پاشان هێڵێك بکێشە و ئایەتە کتێبییەکە لە ژێر ئەو هێڵە بنووسە. نیشانە کتێبییەکان لە خوارەوەی لاپەرەکە و پشت لاپەرەکە بنووسە.

| | |
|---|---|
| متمانەی رزگاری<br>1یۆحەنا5: 11-13<br>*ئەمەش شایەتییەکەیە: خودا ژیانی تاهەتایی پێ داوین و ئەو ژیانەش لە کورەکەی دایە. ئەوەی کورکەی هەبێت ژیانی هەیە، ئەوەی کوری خودای نەبێت، ژیانی نابێت. ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەرتان بە ناوی کوری خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە.* (1یۆحەنا5: 11-13) | 1یۆحەنا5: 11-13 |

2 بە شێوەیێکی راست ئایەتە کتێبییەکان **دەرخ** بکە

هەردەم بە بابەت یاخود ناونیشان و نیشانەی کتێبی دەست پێبکە کە لەو برگە کتێبییەی دەتەوێ دورخی بکەیت. کاتێك توانیت بە بێ هەڵە ئەم بەشە بخوێنیتەوە، ئایەتی دووەم دەرخ بکە بە مەرجێك دووبارە لە سەرەتاوە لەبەری بکەیت، واتا بابەت و نیشانەی کتێبی و ئایەتی یەکەم ودووەم لە برگەی کتێبی. ئایەتەکان بە جیاجیا لەبەر مەکە. ئەگەر وات کرد ئەوا ئەو بەستەرانە لەبەر ناکەی کە ئەم بەشانەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەگەڵ خستنە سەری هەر بەشێك بگەرێوە سەرەتا. ئاگاداربە لە کۆتایی هێنانی لەبەرکردنەکە بە دووبارە کردنەوەی نیشانە کتێبییەکەبێ ، چونکە نیشانە کتێبییەکە قورسترین بەشی دەرخ کردنە.
چاکترین شێوەی دەرخ کردنی ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز بەم شێوەیەیە: بابەت( یاخود ناونیشان)، پاشان نیشانە کتێبی، دواتر دەقی ئایەتە کتێبییەکان، لەکۆتایدا دووبارە نیشانە کتێبی.

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

### چۆن مامەڵە لەگەڵ وشەی خودا بکەم؟ لوقا8: 4-15

ئامانج لە خوێندنی کتێبی پیرۆز وەکو گروپ بەیەکەوە ئەوەیە، ئەندامانی گروپەکە بەیەکەوە گەشە بکەن لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عیسای مەسیحدا و لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا. هەروەها رێگایەکە بۆ ئەوەی ئەندامان یارمەتی یەکتر بدەن لە زانین و تێگەیشتنی کتێبی پیرۆز و فێریان دەکات لە ئەنجامدانی ئەو راستییانە لە ژیانیان. بۆیە، گرنگە ئەندامانی گروپەکە هانی یەکتر بدەن لەبەشداری کردن لە گفتووگۆی وانەی خوێندنی کتێبی پیرۆز. بیروڕای هەر ئەندامێك لە گروپەکە گرنگە. هەروەها نابێت هیچ کەسێك جیابکرێتەوە ئەگەر دەرکەوت کە ئەوەی وتوویەتی راست نییە (لە لایەنی بیروباوەڕ یان لاهوتی).

پێویستە لەسەر سەرۆکی گرووپەکە ئەندامانی گروپەکە هان بدات بۆ فێربوون بەیەکەوە لە ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز و گفتوگۆکردنیان. پێویستە هەر ئەندامێك لە گرووپەکە وا هەست بکات کە ئەندامەکانیتر گوێی لێدەگرن کاتێك قسە دەکات و قسەکانی وەردەگرن. چونکە ئەندامانی گروپەکە پێشبڕکێ ناکەن لە نێوان خۆیان لە زانینی کتێبی. بەڵکو یەکتریان خۆشدەوێت و یەکتری هان دەدەن بۆ گەشەکردن و بەشداری کردن بە متمانەوە.

نموونەی داهاتووی وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لەبەر یارمەتی دانی ڕابەری گروپەکە ئامادەکراوە لە کاتی ئامادەکردنی وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، یاخود بۆ یارمەتی دانی گرووپەکە لە کاتی گفتووگۆکردنی پرسیارێکی گران. لەوانەیە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز چەند شتێکیتر لە خۆی بگرێت کە ئەندامانی گرووپەکە دەیدۆزنەوە یاخود چەند پرسیارێك کە ئاراستەی یەکتری دەکەن.

شێوازی **پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز** بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (لۆقا8: 4-14) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی **1** **بخوێنە**

**بخوێنە**. با پێکەوە (لۆقا8: 4-14) بخوێنینەوە. با بە ڕیز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنەوەی بڕگە کتێبییەکە.

هەنگاوی **2** **بدۆزە**

**بیرکەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە کە پێت وایە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم بڕگە کتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.

**بەژداری کردن:** (پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، بیرۆکەکانتان بەشدار بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، و گرنگ نییە هاوشێوەی یەك بن).

**دۆزینەوەی** 1 بۆم دەرکەوت کە سێ کەس هەن دەیانەوێت کارێك ئەنجام بدەن بە وشەی خودای چێنراو لە دڵم. یەکەمیان عیسای مەسیحە کە دەیەوێت وشەی خۆی لە دڵم بچێنێت. دەیەوێت وشەکەی ببینێت کە بەرهەمی هەیە لە ژیانم. و دووەمیان شەیتانە کە دەیەوێت وشەی خودا لە دڵم بستێنێت. ئەو نایەوێت وشەی خودا کاریگەری هەبێت لەسەر ژیانم. سێیەمیان منم. من بەرپرسیارم لە ڕوودانی هەر شتێك لەو وشەیەی کە عیسای مەسیح لە دڵمی چاندووە. ئەگەر لە دڵێکی پاك و ڕاستگۆ پاراستم ئەوا دەتوانم لە ڕێگای — دان بەخۆ گرتن- بەرهەم بەدەست بێنم. بەڵام ئەگەر هیچ شتێکم ئەنجام نەدا بە وشەی خودا ئەوا بەیەکجاری لە دەستی دەدەم. بەڵام ئەو ڕاستییەی بەلای منەوە زۆر گرنگە لەم بڕگە کتێبییە ئەوەیە کە من بەرپرسیارم لە ئەنجامدانی کارێك لە وشەی خودا. هەر جارێك کە گوێبیستی وشەی خودا دەبم (یان دەیخوێنمەوە) ئەوا من بەرپرسیارم لە جێبەجێ کردنی.

**دۆزینەوەی** 2 بۆم دەرکەوت کە جگە لە شەیتان دوژمنانیتر هەن کە دەیانەوێت وشەی خودا لە دڵم دەربێنن. (ئایەتی14) باسی هەموو ئەو شتانەیتر دەکات کە دژایەتی وشەی خودا دەکەن. هەروەها دەڵێت خەمی ژیان و ئاوات خواستنی دەوڵەمەندی و خۆشییەکانی ژیان وشەی خودا دەخنکێنێت، لەبەر ئەوەی جیهانی هەڵە لە دەرەوە و سروشتی هەڵە لە ناخما گەورەترین دوو دوژمنی تری عیسای مەسیحن. بەم شێوەیە ئەم شتانە نایانەوێت وشەی خودا بەرهەمی هەبێت لە ژیانم. بۆیە وشەی خودا دەخنکێنێت لە کاتی هەوڵدانی بۆ لەناوبردنی لە ژیانم. بەڵام ئەو ڕاستییەی کە زۆر گرنگە بەلامەوە لەم بڕگە کتێبییە ئەوەیە کە دەبێت من ئاگادارم و نەهێڵم خەمی ژیان و دەوڵەمەندی و خۆشییەکانی ژیان وشەی خودا لە ژیانم بخنکێنێت.

هەنگاوی 3 **هەندێ پرسیار بکە**

**بیرکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێت ئاراستەی ئەم گروپەی بکەیت سەبارەت بەم بڕگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییانە تێبگەین کە لە (لۆقا8: 5-14) ئاماژەی پێکراوە و پرسیاری ئەو شتانە بکەین کە هێشتا لێی تێنەگەیشتووینە.

**بنووسە:** هەوڵ بدە بە ڕوونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

**بەشداری کردن:** پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات).

**گفتوگۆبکە:** (دواتر هەندێ لەم پرسیارانە هەڵبژێرە و هەوڵ بدە لە ڕێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت وەڵامیان بدەیتەوە).

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن دەربارەی چەند پرسیارێك کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت ئاراستەی بکەن و هەندێ تێبینی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکە دەربارەی پرسیارەکان.

**پرسیاری 1** ئایا تۆ ئاماژە بە چ شتێك دەکەیت؟

**تێبینییەکان:** تۆ ئاماژە بە وشەی خودا دەکەیت (لۆقا8: 11)، هەروەها ئەو نامەیەی کە پەیوەستە بە شانشین (مەتا13: 19) ئەوەی بە موژدە یان ئینجیل دەست پێدەکات. (بەراورد بکە نێوان (مەرقۆس1: 14-15) و (کردار20: 24-25 & 28: 13). (شانشینی خودا) موڵکی خودا و سەرکردایەتیەتی لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە کە باوەڕپێکراوە لە دڵ و ژیانی گەلی خودا (لۆقا17: 20-21) ئەمەش ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربوونی باوەڕداران لە سەرتاوە تاوەکو کۆتایی (مەرقۆس10: 25-26) و دامەزراندنی کڵێسای خودا لەسەر زەوی لە ڕێگای باوەڕدارانەوە (مەتا16: 18-19). هەروەها کارلێکردنی باوەڕداران لە هەر لایەنێك لە لایەنەکانی کۆمەڵگا.(مەتا25: 34-36) پاشان دامەزراندنی زەوی و ئاسمانی نوێ (بینین11: 15).

**پرسیاری 2** : ئەو شتە چییە کە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی زەوی ئاماژەپێکراو پیشانی دەدات لەم بڕگە کێبییەدا؟

**تێبینییەکان:** لە سەردەمی عیسای مەسیح، جووتیاران ئامێری چاندنی تۆیان نەبوو، بەڵکو تۆیەکان بە دەستیان پەرشوبڵاو دەکردەوە بە ڕاست و چەپی خۆیان لە کاتی ڕۆیشتنیاندا. بەم شێوەیە هەندێ لە تۆیەکان دەکەوتنە ئەو ڕێیەی کە جووتیاران بەسەریدا دێن و دەڕۆن و هەندێکی دەکەوتە سەر بەرد و هەندێکیان دەکەوتنە نێوان دڕك و هەندێکیان دەکەوتنە سەر زەوی چاك. چوار جۆری زەوی چوار جۆری دڵ دەگەیەنێت (لۆقا8: 12) (مەتا13: 19). بێگومان ئەو واتایانەی کە لەم چوار جۆری زەویە هەیە زۆر گرنگە.

**پرسیاری 3** : ئەو شتە چییە کە (ڕێگا) ئاماژەی پێدەکات؟

**تێبینییەکان:** ڕێگا وێنەیەکە لە دڵی ڕەق، دڵیکەمتەرخەم. کە دۆخ و هەڵوێستی دڵم بەم شێوەیە بێت هەرگیز مامەڵە لەگەڵ وشەی خودا ناکەم. من هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کە وشەی خودا بەلای من هیچ شتێکی گرنگ لەخۆی ناگرێت. بۆیە من هیچ خۆم ماندوو ناکەم بۆ تێگەیشتنی پەیامی کتێبی پیرۆز (مەتا13: 19) و یاخود من مامەڵەی لەگەڵ ناکەم. لە ئەنجامی ئەمە دڵم کەمترخەم و ڕەق دەبێت. لەبەر ئەوەی شەیتان ئاستی هێزی وشەی خودا دەزانێت، هەردەم ئامادەیە ئەو وشەیە برفێنێت کە قبوولی ناکەم. وانەی سەرەکی ئەوەیە کە دەبێت هەموو توانایەك بخەمە گار بۆ تێگەیشتنی وشەی خودا (پەیامی کتێبی پیرۆز) (مەتا13: 23) و قبوول کردنی (مەرقۆس4: 20) کە گوێبیستی دەبم یاخود کە دەیخوێنمەوە. بۆ پێویستە یەکسەر مامەڵە لەگەڵ هەر هەڵوێستێکی کەمترخەمی یاخود دواخستن یاخود دوژمنایەتی بکەم کە لە ناخمدایە.

**پرسیاری 4** : ئەو شتە چییە کە زەوی بەردینی ئاماژەی پێدەکات؟

**تێبینییەکان:** زەوی بەردینی وێنەیەکە لە دڵێك کە قوڵ نەبێت، بیٚ رەگ بێت، بە پەلە بێت لەبڕیارەکانی، کە دۆخ و هەڵوێستی دڵم بەم شێوەیە بێت، ئەوا من بە هەڵەشەیی و هەڵچوون مامەڵە لەگەڵ وشەی خودا دەکەم. کاتێك کە گوێبیستی پەیامی ئینجیل دەبم کاتی کۆبوونەوەکانی پەرستن هەست بە کاریگەری دڵسۆزی و ویستێك دەکەم لە وەڵامدانەوە لەگەڵ قسەکار. بۆیە بە هەڵەشەیی عیسای مەسیح یاخود پەیامەکەی قبوول دەکەم، یاخود بۆ بڕیاردان. بەڵام من بیر لە واتای وشەکان ناکەمەوە هەروەها بیر لە دەرەنجامی قبوولکردنی وشەی خودا. کاتێك خەڵکی هەڵدەستێت بە هەڕەشە لێکردنم یاخود بە چەوساندنەوەم بە بۆنەی پەیامی ئینجیل، من ئەو بایەخە لەدەست دەدەم کە بە وشەی خودا دەیدەم و وازدێنم لەشوێنکەوتنی عیسای مەسیح و دوگەڕێمەوە ژیانی پێشوم. بەم شێوەیە من (بنچینەم نییە) یاخود بیٚ رەگم. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیامی ئینجیل قبوولٚ دەکەم بەڵام نەك بە قایلیەکی راستەقینە. واتە دان پێدانانم بە باوەڕ لە دان پێدانانە راستەقینەکان نییە. لە دوایدا من دەدۆڕێم لە پاراستنی وشەی خودا لە دڵم، دەدۆڕێم لە زانینی ئەوەی کە قوتابێتی راستەقینە پێویستی بە بەدەست دانی خود و نکۆڵی کردن لە دەروون و قوربانی و خزمەت و چەشتن هەیە. من مووچەی چوونە ریزی باوەڕداران، یاخود مانەوەم لە ریزی باوەڕداران هەژمار نەکردووە. هەروەها دەدۆڕێم لە زانینی ئەوەی کە رێگا بەرەو خودا ناچار بە خاچدا بڕوات. خاچیش ئاماژە بە چەشتن دەکات. ئەمەش وام لێدەکات کە بۆ ماوەیەکی کورت لە رێگای باوەڕدا بڕۆم.

وانەی سەرەکی ئەوەیە کە وشەی خودا لە دڵێکی باش و راستگۆ بپارێزم (لۆقا8: 15)، هەروەها کۆڵنەدان لەسەر باوەڕ و گوێڕایەڵی کردنی لە هەموو بارودۆخێکدا. کەواتە پێویستە یەکسەر مامەڵە لەگەڵ کاریگەری دڵسۆزیم بکەم لەگەڵ گوێبیست بوونی وشەی خودا!

**پرسیاری 5** : ئەو شتە چییە کە زەوی پڕ لە دڕك ئاماژەی پێدەکات؟

**تێبینییەکان:** زەوی پڕ لە دڕك وێنەیەکە لە دڵی لەتکراو و سەرقاڵ بە غەم و پەژارەی ژیان. کە دۆخ و هەڵوێستی دڵم بەم شێوەیە بێت، ئەوا من وەڵامدانەوەم هەیە لەگەڵ چەند شتێکیتر لەپاڵ وشەی خودا. واتە دڵم دابەش کراوە لە نێوان جیهان و ئەو شتانەی وشەی خودا فێرمی دەکات. بەڵام من لە دڵم بۆشاییەکی زۆر بەجێدەهێڵم بۆ نیگەرانی لەلایەن ژیان و کاری رۆژانەم، یاخود بۆ نقووم بوون لە خەوناکان و هێڵکاری بۆ بەدەست هێنانی سامانی زیاتر، یاخود بۆ سوود وەرگرتن لە خۆشییەکانی ژیان بە پلەیەك کە چێگایەك نامێنێت لە دڵم بۆ وشەی خودا. هەروەها من بە شێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵی غەم و پەژارەی ژیان و پێشینەییە هەڵەکان بووم لە ژیانم، ئەمە سەرەڕای سەرقاڵ بوونم بە شتەکانی ژیان بەو پلەیەی کە هیچ کاتێك تەرخان نەکەم بۆ خوێندنەوەی وشەی خودا یاخود جێبەجیٚ کردنی لە ژیانم. دەرەنجام ئەو دڕکانەی لە دڵم و ژیانمە وشەی خودا دەخنکێنێت. ئەوکات من گەشە ناکەم و ناگەمە قۆناغی گەشەکردن و هیچ بەرهەمێکم نابێت.

وانەی سەرەکی ئەوەیە کە دڵم بە پاك و پیرۆز و راستودروستی و چاك بپارێزم (لۆقا8: 15). هەروەها پێویستە لەسەرم دڵم ئازاد رابگرم لە ناخۆشییەکانی ژیان و دەوڵەمەندی و خۆشییەکان و ویستە هەڵەکانی. دەبێت یەکسەر مامەڵە لەگەڵ خەفەت و لاربوونم بەلایەن دەوڵەمەندی و ئارەزووەکانی جیهان و پێشینەییە هەڵەکانم بکەم.

**پرسیاری 6** : ئەو شتە چییە کە زەوی چاك ئاماژەی پێدەکات؟

**تێبینییەکان:** زەوی چاك وێنەیەکە لە دڵی قایل پێشاندەر کە وشەی خودا بپارێزێت. ئەوەی ئامادەییەکی چاکی هەیە. کە دۆخ و هەڵوێستی دڵم بەم شێوەیە بێت، ئەوا وەڵامدانەوەم لەگەڵ وشەی خودا بەو شێوەیە دەبێت کە عیسای مەسیح لە منی دەیەوێت. کە دۆخ و هەڵوێستی دڵم بەم شێوەیە بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پێچەوانەی دۆخی سیٚ دڵی رابردوو و هەڵوێستەکانییەتی.

ئـ) بە پێچەوانەی زەوی یەکەم، کە گوێبستی وشەی خودا دەبم، یاخود کە دەیخوێنمەوە، ئەوا من بە بایەخەوە گوێبیستی دەبم و قبوولی دەکەم و تێیدەگەم (مەتا13: 23). بۆ ئەوەی رزگار بم بە رێگای باوەڕم بە عیسا. هەروەها بۆ ئەوەی بگۆڕێم (لۆقا8: 12).

ب) بە پێچەوانەی زەوی دووەم، کە گوێبیستی وشەی خودا دەبم سەرتا کێشەی باوەڕ و گوێڕایەڵیم هەژمار دەکەم. ئەو کێشەی هەژمار دەکەم چونکە دەمەوێت پارێزگاری لە باوەڕم بکەم هەتاوەکو ئەگەر دووچاری زەحمەتی و چەوسانەوە بووم. وشەی خودا لە کانگای دڵم دەپارێزم و لە سەختترین بارودۆخ دەستی پێوە دەگرم. (لۆقا8: 15).

پ) بە پێچەوانەی زەوی سێیەم: دڵم بە پاکی دەپارێزم، لە هەموو شتێك کە وشەی خودا دەخنکێنێت (لۆقا8: 15). بۆ نموونە، ئازاد رایدەگرم لە خەم و خۆشەویستی سامان و ئارەزووەکانی جیهان. وشەی خودا لە دڵم کار ناکات ئەگەر وەڵامدانەوەم لەگەڵدا دەبێت، بە رازیبوونێکی تەواو گوێڕایەڵی دەکەم، پارێزگاری پاك و پیرۆزی دڵم دەکەم! ئەو کات، بەرەنجدان و ئارامگرتن بەرهەم دەهێنم (لۆقا8: 15). هەندێ جار سی ئەوەندە یاخود سەد ئەوەندە بەرهەم دەهێنم. (مەتا13: 23) (مەرقۆس4: 20).

**پرسیاری 7** ئایا ئەم نموونەیە نامەیەکە بۆ ئەو کەسانەی ئامۆژگاری دەکەن بە وشەی خودا، یاخود نامەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە گوێ لە وشەی خودا دەگرن؟

**تێبینییەکان:** لە پایەی یەکەم، ئەم نموونەیە نامەیەك نیە بۆ ئەو کەسانەی ئامۆژگاری بە وشەی خودا دەکەن، بەڵکو نامەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە گوێ لە وشەی خودا دەگرن. ئەم نموونەیە پێمان راناگەیەنێت کەوا دەبێ ئامۆژگار پێشبینی بوونی چوار جۆری جیاواز هەیە لە خەڵك لەم جیهانەدا، یاخود چوار رێگا هەیە کە خەڵکی لە رێگایانەوە وەڵامدانەوەیان دەبێت لەگەڵ پەیامی ئینجیل. بەڵکو لەوە زۆر زیاترمان پێڕادەگەیەنێت! ئەم نموونەیە فێرمان دەکات کە هەموو خەڵك لەم جیهانەدا، لە نێوانیان – ئامۆژگار– دەتوانن وەڵامدانەوەیان هەبێت لەگەڵ وشەی خودا، بە هۆی ئەم چوار رێگا جیاوازە لە کاتە جیاوازەکانی ژیانیان. عیسای مەسیح ئەم نموونەیەی بۆمان هێناوەتەوە بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتیمان بزانین بەرانبەر وشەی خودا.

بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر وشەی خودا ئەمانەیە.

ئـ) وەڵام دانەوەمان هەبێت لەگەڵی، واتا گوێبیستی بیت و تێبیگەیت و قبوولی بکەیت (مەتا13: 19) (مەرقۆس4: 20)، "قبوولکردن" واتا وشەی خودا قبوول بکەین بە مەرجەیك راستە (کردار16: 21)، هەروەها بە ملکەچی و خۆشەویستەیەوە قبوولی بکەین (عیبرانییەکان12: 6).

ب) دەبێت بە هەواڵکاری و ئارامی و پەشیمانی وەڵام دانەوەمان هەبێت لەگەڵی بۆ ئەوەی بیپارێزین (لۆقا8: 15). مەبەستی "پارێزگاری" وشەی خودا پابەندبوونە بە وشەی خودا لە مێشکمان. ( کۆرینسۆس15: 2) و وازی لێنەهێنین (لۆقا8: 15) & (تسالۆنیکی5: 21) هەروەها پارێزگاری بکەین لە ونبوون (1کۆرینسۆس11: 2).

پ) بە دڵێکی باش و راستگۆ وەڵام دانەوەمان هەبێت لەگەڵی، دوور لە سەرقاڵبوون بە شتیتر. (لۆقا8: 15).

ت) دەبێت بە بەرهەم هێنان و خۆراگری وەڵام دانەوەمان هەبێت لەگەڵی (لۆقا8: 15) هەموو جارێك کە گوێم لە وشەی خودا دەبێت یاخود دەیخوێنمەوە، هەڵوێستی دڵم کاردەکەن بۆ دیاریکردنی ئەو کاریگەرییەی کە وشەی خودا لەسەر ژیانم بەجێی دەهێڵێ! لە هەموو جارێدا دڵم بە وەڵام دانەوە و راستخواز ئامادە بێت، بە پەرۆش دەبم بۆ گوێبیست بوونی وشەی خودا و تێگەیشتنی، هەروەها پەیمان دەبەستم لە پارێزگاری کردنی تاوەکو لە قورسترین و ناخۆشترین بارودۆخدا و کاتێك دیاری دەکەم بۆ گەشە کردن و بەرهەم هێنان.

کورتەیەك بۆ ئەوانەی پێشوو، هەڵوێستی دڵم لە هەر رۆژێك لە رۆژەکانی ژیانم بریاری ئەو کاریگەریە دەدات کە وشەی خودا لەسەر ژیانم بە جێی دەهێڵێت. هەڵوێستم لە وشەی خودا، کاتێك گوێبیستی دەبم یاخود کە دەیخوێنمەوە، بۆم دیاری دەکات کە ئایا گەشە دەکەم و دەگۆڕێم و بەرهەم دەهێنم یان نا.

**پرسیاری 8** : پەیامی بنەڕەتی ئەم نموونەیە چییە؟ **تێبینییەکان:** پەیامی بنەڕەتی ئەم نموونەیە ئەوەیە کە دۆخ و هەڵوێستی دڵت، وەڵام دانەوەت لەگەڵ وشەی خودا دەستنیشان دەکات. هەروەها چۆنیەتی وەڵام دانەوەت لەگەڵ وشەی خودا بڕی ئەو بەرهەمە دەستنیشان دەکات کە بۆ خودا ئەنجامی دەدەیت. بەم شێوەیە کاریگەریت لە ژیان دەوەستێتە سەر ئاستی وەڵام دانەوەت لەگەڵ وشەی خودا. وەڵام دانەوەت لەگەڵ وشەی خودا دەوەستێتە سەر دۆخ و هەڵوێستی دڵت.

لەگەڵ ئەوەی ئەم نموونەیە ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ئەو کەسانەی وەڵامدانەوەیان نیە لەگەڵ وشەی خودا، بەڵام هاندەرێکی بەهێز و هیوایێکی بە نرخە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت هەڵوێستی دڵیان بگۆڕن. هەر جارێك کە گوێبستی وشەی خودا دەبیت یاخود کە دەیخوێنیتەوە، دەوتانی یەکسەر هەڵوێستت بگۆڕی بۆ ئەوەی گوێبیستی بیت و تێیبگەیت و قبوولی بکەیت و لە دڵێکی پاك و ڕاستگۆ بیپارێزی بۆ ئەوەی بە خۆراگرییەوە بەرهەم بهێنیت!

---

**پرسیاری 9** : بۆچی نهێنیەکانی شانشینی خودا تەنها درایە قوتابییەکان؟ ئایا ئەمە ناڕەوایی نیە؟ (ئایەتی10)

**تێبینییەکان:** (نهێنیەکانی شانشینی خودا) (لۆقا8: 10) پەیامی پەیمانی نوێیە بە تەواوەتی. بەڵام لەپاش یەکەم هاتنی مەسیح بۆ سەر زەوی، هیچ (نهێنیەکی شاراوە) نەما، بەڵکو بوو بە (ڕاستییەکی ئاشکرا)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسیح ئەم ڕاستییە یاخود ئەم پەیامەی بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا نەکرد. لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس گوێبیستی پەیامی ئینجیل و وانەکانی پەیمانی نوێی بوون، بەڵام گوێ ناگرن و ناگەڕێنەوە لای خودا لەبەر ئەوەی دڵ ڕەقن. مەسیح ئەم وشانەی لە پەرتووکی ئیشایا وەرگرتووە.

ئـ) لە پەیمانی کۆن، بە تایبەتی لە (ئیشایا1: 2-15)، ئەوە دەخوێنینەوە کە نەوەی ئیسرائیل یاخی بوون لە خودا، لە (ئیشایا6: 9-10) خودا سەرزەنشتیان دەکات و دەڵێت ﴿*دڵی ئەم گەلە ڕەق بکە، گوێی گران بکە و چاوی بنوقێنە، نەوەك بە چاوی ببینێت و بە گوێی ببیستێت، بە دڵی تێبگات و بگەڕێتەوە و چاك ببێتەوە*﴾ نەوەی ئیسرائیل زۆر پەرجوویان دی، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر زاری پێغەمبەران زۆر هەواڵی خۆشیان گوێ لێبوو. بەڵام خۆیان ئەوەیان هەڵبژارد کە دڵیان ڕەق بێت و لە خودا یاخین. بۆیە، خودا ڕێگای دا وەکو ئەوەی ویستیان ئاوابن. بە واتایەکیتر، خودا دایانیە دەستی دەرئەنجامی ئارەزووەکانیان! چاو و گوێی خۆیان داخست، ئێستاش وا خودا زیاتر و زیاتر چاو و گوێیانی داخست، بەمەش ئەوەی چاندیان بە دەستی خۆیان دووریانەوە. (گەلاتیا6: 7-8)

ب) لە پەیمانی نوێ، بەتایبەتی لە (مەتا12) دەبینین کە فریسییەکان و زۆر لە جوولەکەکان ڕاپەڕین بەرانبەر بە عیسای مەسیح، ڕەخنەیان لێ گرت (مەتا12: 2) و ستەمکاریان کرد بەرانبەر بە بێتاوانەکان (مەتا12: 7)، و تەڵەیان بۆ مەسیح دانا (مەتا12: 10) و پیلانی کوشتنیان دانا (مەتا12: 14)، هەتاوەکو بەوە تۆمەتباریان کرد کە بە ڕابەڕایەتی شەیتان ڕوحە پیسەکان دەردەکات (مەتا12: 24). لە (مەتا13: 10-15) (لۆقا8: 10) مەسیح بە هەمان شت تاوانباریان دەکات کە لە پەیمانی کۆن هاتووە. چونکە پەرجووی زۆریان بینی لە دەستی عیسای مەسیحەوە، وانەی زۆریان گوێ لێبوو، بەڵام باوەڕیان پێ نەهێنا. بۆیە بە هەمان شێوە تاوانباریانی کرد. دڵیان ڕەق کرد بەرانبەر عیسای مەسیح. ئێستاش عیسای مەسیح دایانیە دەستی دەرئەنجامی ئارەزووەکانیان! ڕێگای دا وەکو ئەوەی ویستیان ئاوابن. لەگەڵ ئەوەی دواتر گوێبیستی پەیامی ئینجیل دەبن، بەڵام ناتوانن تێی بگەن و بڕیاری تەوبەت وەربگرن.

پ) ئەمەش لەسەر کاتی ئێستامان جێبەجێ دەکرێ، هەموو مرۆڤێك بەرپرسیاریەتی وەڵام دانەوە هەڵدەگرێت لەگەڵ وشەی خودا لە کتێبی پیرۆز. ئەگەر هەڵوێستت وەکو هەڵوێستی فریسییەکان بوو، ئەگەر هەمیشە ڕەخنەگر بووی لە کەسایەتی عیسای مەسیح و وانەکانی، ئەوا تۆش دڵت ڕەق دەبێت و ناتوانی بچیتە ناو شانشینی خودا. بەڵام ئەو کەسانەی وەڵام دانەوەیان هەیە لەگەڵ وشەی خودا. ئەوا پێویستیان بە ترس نیە. چونکە هەر دڵێکی پاك و ڕاستگۆ کە وەڵام دانەوەی هەیە لەگەڵ وشەی خودا، بێگومان گەشە دەکات و بەرهەم دەهێنێت.

کورتەیەك بۆ ئەوانەی پێشوو، هەرکەسێك دڵی ڕەق بێت بەرانبەر خودای کتێبی پیرۆز و دژی وشەی خودابێ لە کتێبی پیرۆز، لە کۆتاییدا زۆر زیاتر دڵی ڕەق دەبێت بە شێوەیەك کە توانای گوێکرتنی وشەی خودای نامێنێت. بەڵام هەرکەسێك بە ڕاستگۆیانە وەڵامدانەوەی هەبوو لەگەڵ خودا و وشەکەی ، ئەوا تێیدەگات و گەشەدەکات و بەرهەم دەهێنێت! خودا ناتوانێ ئەو کەسە ڕەت بکاتەوە کە بە دڵسۆزی بۆی دێت (یۆحەنا6: 37).

**پرسیاری 10** : بۆچی شەیتان دەیەوێت وشەی خودا لە دڵمان بستێنێت؟ (ئایەتی12)

**تێبینییەکان:** شەیتان دەیەوێت وشەی خودا لە دڵمان بستێنێت چونکە وشەی خودا ئامێرێکی کارایە بۆ ڕزگاربونمان. هەرکەسێك باوەڕ بە وشەی خودا بهێنێت ڕزگاری دەبێت (ڕوما10: 17). بە واتای ئەوەی ئازاد بووە لە دەسەڵاتی شەیتان و شانشینی شەیتان! عیسای مەسیح شەیتانی چەك کرد (مەتا12: 28-29) (یۆحەنا12: 31-32). کتێبی پیرۆز دەفەرمووێ ﴿*ئەوەی* (واتە خودا) *لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین و ئێمەی گواستەوە بۆ شانشینی کوڕە خۆشەویستەکەی*﴾ (کۆلۆسی1: 13) و لەبەر ئەوەی وشەی خودا (کتێبی پیرۆز) ئەو ڕێگایەیە کە خودا بەکاری دەهێنێ بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤ، ئەوا شەیتان هەموو فێڵێك تاقی دەکاتەوە بۆ ڕفاندنی وشەی خودا لە دڵی خەڵك! بۆیە ئاگادار بە چونکە مەسیح ئێمەی لەم شتە ورياکردۆتەوە.

**پرسیاری 11** : چۆن دەتوانم ئارام بگرم تاوەکو بەرهەم بهێنم؟

**تێبینییەکان:** شەیتان ڕاوەدوومان دەنێ و جیهانی ماددی لە دەورمانە و سروشتی هەڵە لە ناخماندایە. لەبەر ئەوەی ئەمانە هەمووی دژمانە، پێویستە بە بەردەوامی بەرگری بکەین. بەڵام چۆن ئارام بگرین؟ کاتێك دەتوانین ئارام بگرین کە دۆخی دڵمان دروست بێت، واتا کە دڵمان پاك و ڕاستگۆ دەبێت. هەروەها دەتوانین ئارام بگرین لە ڕێگای کۆڵنەدان لە گوێگرتن لە وشەی خودا و خوێندنەوەی و جێبەجێ کردنی پەیامەکانی لە ژیانمان، و گەیاندنی بە کەسانیتر. کاتێك دەتوانین ئارام بگرین کە بەردەوام دەبین لە ئەنجامدانی ئەم مەشقە ڕوحییانە هەتاوەکو ئەگەر تووشی ناڕەحەتی و دووچاری چەوساندنەوە بووینەوە. دەبێت بڕیاری خۆ نەدانە دەستەوە وەربگرین. هەروەها دەبێت ئارام بگرین. پێویستە بزانین کە ئێمە دەتوانین ئارام بگرین لەبەر ئەوەی خودا پەیمانی پێداین کە لەگەڵمان بێت.

هەنگاوی 4 : ئەنجام بدە

**بیربکەرەوە:** کام لەو ڕاستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی ڕەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداری کردن:** وەرن با پێکەوە بیر بکەینەوە و ئەو ڕێکخستنانە بنووسین کە دەتوانین لە (لۆقا8: 4-15) دەریبهێنین؟

**بیربکەرەوە:** ئەو ڕێکخستنە پێشنیار کراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیتە بە ڕێکخستنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم ڕێکخستنە کەسییە لە پەراوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداری کردنی ڕێکخستنە کەسییەکەت کە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی هەر گرووپێك ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن: یاخود لە خودی ڕاستییەکە ڕێکخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکە بە ڕێکخستنە پێشنیارە کراوەکان).

نموونەی ڕێکخستنی پێشنیارە کراوەکان.

| | |
|---|---|
| 8: 8ب-10 | بە گرنگیەکی بێپایەن گوێ بگرە لو وشەی خودا کە پیاوانی خودا ئامۆژگاری پێدەکەن.<br>هەوڵ بدە پەیامی کتێبی پیرۆز تێبگەیت (مەتا13: 19،23) (مەرقۆس4: 139). |
| 8: 11 | بڕیارێك بدە بایەخ بدەیتە کتێبی پیرۆز و پەیامەکانی و وەڵامدانەوەت هەبێت. |
| 8: 12 | باوەڕبکە بە پەیامی کتێبی پیرۆز بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت. |
| 8: 13 | ڕاو بۆچوونە ڕاستەکان جێگیر بکە لە دڵت کە بە پێی وشەی خودایە. |
| 8: 14 | وردبەرەوە لە وشەی خودا، هەندێ ئایەت دەرخ بکە کە لە ژیانت بەکاری دەهێنی. |

15 :8 ئاگادار بە لەوەی دڵت پاك و راستگۆ بمێنێتەوە كە هەر جارێك وشەی خودا دەخوێنیتەوە.
15 :8 بەرهەم بهێنە لە رێگای ئەنجامدانی بەردەوامی پەیامەكانی كتێبی پیرۆز لە ژیانت.

نموونەی رێكخستنی كەسی.

ئـ) خودا دەیەوێت لە كتێبی پیرۆز بگەم كە هەرجارێك گوێبیستی دەبم و دەیخوێنمەوە. بۆ ئەوەی شەیتان نەتوانێت وشەی خودا لە دڵم دەربێنێت. بۆیە من دەمەوێت هەفتەی جارێك كتێبی پیرۆز بخوێنمەوە. چونكە كتێبی پیرۆز یارمەتیم دەدات وشەی خودا تێبگەم.

ب) خودا دەیەوێت گەشە بكەم و بەرهەم بهێنم. بۆیە هەرجارێك كتێبی پیرۆز دەخوێنمەوە، ئەم پرسیارە لەخۆم دەكەم: (چۆن ئەم وشەیە دەتوانێت بمگۆرێت یاخود كاریگەری لەسەر كەسانیتر هەبێت؟) ئەوكات هەوڵ دەدەم هەموو ئەو شتانە رێكبخەم كە لە وشەی خودا فێری دەبم لە ژیانم.

هەنگاوی 5 نزا بكە.

با بە نۆرە نزا بەرزبكەینەوە بۆ خودا، هەر كەسێك بۆ راستییەك نزا بكات كە خودا لە رێگای (لۆقا8: 4-15) فێرمانی كرد. (لە نزاكەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت كە لە وانەی ئەم پەرتووكە فێری بوویت. مەشق بكەن لەسەر نزای كورت كە لە رستەیەك یاخود دوو رستە پێكبێت. لە بیرت بێت كە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نزا بكەن)

**نزا**

لە گروپی دووانی یاخود سیانیی، نزا بەرز بكەنەوە لە پیناوی یەكتری و هەموو جیهان.

## ئەركی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

**بەڵێن:** بەڵێن بدە وەڵامدانەوەت هەبێت لەگەڵ ئەو شتانەی كە خودا پێتی فەرمووە لە كتێبی پیرۆز. هەروەها بەڵێن بدە كۆڵنەدەیت لە خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز بە شێوەیەكی رێك و پێك.

**خەڵوەتی روحی:** هەموو رۆژێك كاتێكی بەسەر بەرە لە خەڵوەتی روحی. رۆژانە نیو بەش لە (مەتا8: 1-11: 24) بخوێنە.

**دەرخ كردن:** وربەرەوە لە ئایەتە كتێبییە نوێكان و دەرخیان بكە. متمانەی رزگاربوون: 1(یۆحەنا5: 11-13). هەموو رۆژێك پێداچوونەوەیەك بكە لەو ئایەتە كتێبییانەی دەرخت كردووە.

**نزا:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یاخود كەسێكی دیاریكراو نزل بكە، جاوەروانبە خودا چی دەكات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێكان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. ئەو تێبینییانەت بنووسە كە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی روحی، دەرخ كردن، خوێندنەوەی كتێبی، ئەم ئەركە ماڵییە.